# پیاوێک هەبوو ئەوەندەی من بزانم کەس نییە هێندەی ئەو ماڵی لە مزگەوت دوور بێت، هەرگیز هیچ نوێژێکی لە دەست نەدەچوو ((بە جەماعەت

لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک هەبوو ئەوەندەی من بزانم کەس نییە هێندەی ئەو ماڵی لە مزگەوت دوور بێت، هەرگیز هیچ نوێژێکی لە دەست نەدەچوو (بە جەماعەت)، پێی ووترا: ئەگەر گوێدرێژێک بکڕی بۆئەوەی بەسواری بێیت لە تاریکی وگەرمادا (بۆت باشتر دەبوو)، ئەویش ووتی: «من حەزم بەوە نییە ماڵم نزیکی مزگەوت بێت، من دەمەوێت پاداشتی هەنگاوەکانی هاتنم بەرەو مزگەوت وگەڕانەوەم (لە مزگەوتەوە) بەرەو ماڵ بۆ بنووسرێت»، لەسەر ئەم باسە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بەدڵنیاییەوە، خودای گەورە هەموو ئەوانەت پێدەبەخشێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

ئوبەی کوڕی کەعب -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە بۆمان کە پیاوێک هەبوو لە ئەنساڕ کەس هێندەی ئەو ماڵی لە مزگەوتی نەبەوی دوور نەبوو، هەرگیز هیچ نوێژێکی جەماعەتی لە دەست نەدەچوو، بەڵکو ئامادەی هەموو نوێژێك دەبوو لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپێی ووترا: ئەگەر گوێدرێژێک بکڕی بۆئەوەی بەسواری بێیت لە تاریکی شەو، وگەرمای ڕۆژدا؛ بۆت باشتر دەبوو، ئەویش ووتی: پێم خۆش نییە ماڵم لە تەنیشت مزگەوت بێت، من دەمەوێت خودای گەورە پاداشتی هەنگاوەکانی هاتنم بۆ مزگەوت وگەڕانەوەم لە مزگەوتەوە بەرەو ماڵ بۆ بنوسێت، ئەم قسەیە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وفەرمووی: بەدڵنیاییەوە، خودای گەورە هەموو ئەوانەت پێدەبەخشێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3561

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee